چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

کتاب: بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر: عبدولرەحمان عالم وەرگێڕ: ئەمیری حاجی موحەممەد بەشی دەیەم

پەرەسەندنی سیاسی

(لۆسین پای) دوای بە دواداچوونەوەی دیدگا جۆراجۆرەکان سێ تایبەتمەندی بۆ چەمکی پەرەسەندنی سیاسی دیاری دەکا:

١ـ یەکسانی. لەم رووەوە پەرەسەندنی سیاسی بە بەشداربوونی خەڵکو بە کاری گشتی لەچالاکیە سیاسییەکاندا بەستراوەتەوە. ئەم بەشداری کردنە لەوانەیە بە شێوەی بزۆزی دیموکراتیکی یان لەشێوەی بزۆزی تۆتالیتری بێت، بەلام لێرەدا خاڵی گرنگو بنەرەتی گۆڕانی خەڵك بە هاووڵاتی چالاکە. لەم رووەوە، بەلای کەمەوە، شێوازی ئاشکرای فەرمانڕەوای گشتی پێویستە. هەروەها دەبێ یاساکان پێکهاتەی گشتی هەبێتو لەجێبەجێکردنیشدا کەم یان زۆر لەجیاوازییە کەسایەتیەکان بە دەر بێو دەست گەیشتن بە پلەو پایەدارە سیاسییەکان دەبێ بە پێی دەرئەنجامەکان، لێهاتوو شایستەبێت نە لەئەنجامی رەسمو رەوشی دانان لەسیستەمی کۆنو سوننەتی.

٢ـ بڕی لەخۆگر. ئەم تایبەتمەندییە پەرەسەندنی سیاسی ئاماژە بە توانایی رژێمی سیاسی لە دەرخستن دەرئەنجامەکانو رێژەی کار تێکردنیان لەسەر کۆمەڵگەو ئابووری دەکات. هەروەها بڕی لەخۆگر لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەرکە حکومەتیەکانو بارودۆخی کاریگەر کردن لەسەر ئەم جێبەجێکردنە هاورێیە، حەزداری کردنە بە پسپۆڕی کردنی حکومەت، بە عەقڵانی کردنی بەرێوەبردنو هاندانی کۆمەڵگا بە رووگرنگیدان بەدونیا. کارەکانی حکومەت زیاتر بەرەو هەڵسەنگاندنو ئاراستەیی کە ئامانجو ئامرازەکان بە شێوەی رێکوپێك بەیەکەوە دەبەستێ رێنوێنی دەکات.

٣ـ گۆڕانکاری هێدی هێدی. ئەم تایبەتمەندییەی پەرەسەندنی سیاسی بە بەرفراوانکردنو تایبەتمەندی کردنی پێکهاتەکان مانا دەدات. پلەو پایەدارو کارگوزارەکان حەز دەکەن ئەرکی دیاریکراوو سنووردارياں هەبێتو دابەشکردنی کاری رێکوپێك لەدامودەزگاکانی حکومەتدا هەبێت. هەروەها ئەم تایبەتمەندییە یەکپارچە کردنی کۆمەڵە پێکهاتەکانو رەوتەکان دەگرێتەوە. بۆیە گۆڕانکاری هێدی هێدی "بە مانای پەرشو بڵاوبوونەوەو بەلاوەنانی بەشە جۆراو جۆرەکانی سیستەمی سیاسی نییە، بەڵکو بەمانای پسپۆری کردنیانە لەسەر بنەمای یەکپارچەیی".

لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی پەرەسەندنی سیاسی پیشان دەدات کە تایبەتمەندی یەکسانی بەندە بە کەلتوری سیاسییەوە، بڕی لەخۆگریش بەندە بەجێبەجێ کردنی ئەرکی پێکهاتەکانو دەسەڵاتی رەوای حکومەتو تایبەتمەندی گۆڕانکاری هێدی هێدی بە شێوەی گشتی لەگەڵ پێکهاتەکانی دەسەڵاتو رەوتە گشتیە سیاسییەکان لەکۆمەڵگەدا خەریکەو ئەم پەیوەندییانە پیشان دەدەن کە: "لە دواترین شیکردنەوەی کێشەکانی پەرەسەندنی سیاسی بەندە بە پەیوەندییەکانی نێوان کەلتوری سیاسی، پێکهاتەکانی دەسەڵاتی رەواو رەوتی سیاسی گشتی".

(لیئۆنارد بیندەر (Leonard Binder)، بە توێژینەوە وردی پەرەسەندنی سیاسی وڵاتانی بەرەو گەشەکردن، بۆچوونی خۆی خستەروو و بەرهەمی خوارەوەی بۆ پەرەسەندنی سیاسی بەم جۆرە دیاریکردووە.

١ـ گۆڕانکاری ناسنامە لەناسنامەی ئایینەوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی‌و لەناسنامەی ناوچەییەوە بۆ ناسنامەی کۆمەڵایەتی.

٢ ـ گۆڕانکاری رەوایی لەیەك سەرچاوەی بڵند پایەوە بۆ یەك سەرچاوەی خوارووتر.

٣ ـ گۆڕان لەبەشداری کردنی سیاسی لەنوخبەوە بۆ جەماوەر، لەخێزانەوە بۆ گروپ.

٤ـ گۆڕانی دابەشکردنی پلەوپایە حکومەتیەکان لەپایەی شوێنی خێزانی ئیمتیازەوە بۆ دەستکەوتن‌و لێهاتوویی‌و شیاوی.

٥ـ گۆرانکاری لەرێژەی نفوزی ئیداری‌و یاسایی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و ناوچە دوور دەستەکانی وڵات.

(فردریگز) یەکێکی تر لەبیر دۆزەکانی سازانی پەرەسەندنی سیاسی، بە قسەی خۆی هێزەکانی (دەوروبەر) لەگەڵ چەمکی پەرەسەندنی سیاسیدا تێکەڵاو دەکات. بە باوەڕی ئەو ناوەڕۆکی سیاسی زاراوەی (پەرەسەندن) سنووردار بووە کە پێشاندەری توانایی زۆر بۆ وەرگرتن‌و گواستنەوەی بڕیاری بە کۆمەڵی کاریگەر لەسەر دەوروپشت نە لەسەر (زەمینە).

بە گوتەی ئەو پانتایی شوێن ناسی کە زاراوەی (دەوروبەر)ی پێدەڵێن لەبڕیاردانە سیاسییەکان، پێویست بەوەدەکات کە دەوروبەری کەلتوری‌و دەوروبەری مرۆویش دەبێ بخرێتە سەر دەروبەری سروشتی تا وێنایەکی شیاو لەشوێنی ناسینی کاری سیاسی‌و ئیداری پیشانبدات.

هەروەها زاراوەی (زەمینە) گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە لەتوێژینەوەی گوزارشت دەکات. لەگەڵ ئەم بابەتانەشدا کە ئەو سەبارەت بە (پەرەسەندن) پێناسەدەکات بۆچوونی نووسەر لەپەرەسەندن بەم جۆرەیە: کە پەرەسەندن تێگەیشتنی زۆر لەبەربەستو سەرچاوەی دەوروبەر لەخۆدەگرێ. لەمەش زیاتر، ئەمە زۆربەی رەگەزی هەستیارە لەپەرەسەندنی، یەك کۆمەڵگە لەوانەیە بە هەڵبژاردنی کارگەلێك کە ببێتەهۆی گۆڕانی دەوروبەری بە جۆرێ ئەنجامی بدات کە بەربەستەکان کەم بکاتەوەو سەرچاوەکان زیاتر، بەم جۆرە بڕی لەخۆگری تایبەت بە خۆی بەربڵاوبکات تا بڕیارو راسپاردەگەلێ کە مەیدانی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی گەورەتر بکات وەربگرێت.

پەرەسەندنی سیاسی دوو لایەنی هەیە. هەرچەندە مەبەستی لە ئایندەو گەشەکردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان هەیە، بەرەو هەڵدێر خلۆربوونەوەشیان دیسان مەبەستێتی. بە وتەیەکی تر، پەرەسەندنی سیاسی یەك هەمووارى‌و راستەڕێ نییە. لەلایەکەوە رێبازە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت، بە هێز دەبێت‌و جێگرو پایەدار دەمێنێتەوە لەلایەکی ترەوەو نا ئارامی پێکهاتەکانی سیاسی، سوننەتی، گوازراوەیان نوێ زیاتر دەبێ.

پەرەسەندنی سیاسی بەندە بەکردەوەی سیستەمی سیاسییەوە. ئەگەر رژێمی سیاسی بەرەوتی دیموکراتیزەکردن پەلەو خێرایی بدات لەبەدیهێنانی پەرەسەندنی سیاسی پێشدەکەوێ‌و لەوەها بارودۆخێکدا لایەنی باش، یان بیر کردنەوەی لەداهاتوو گەشەکردنی دامەزراوەکانی خۆی بەرووی پیشان دەدات. بەلام ئەگەر رژێمی سیاسی نەیتوانی دامەزراوە دیموکراتیەکانی جێگیر یان بیانپارێزی، بەرەو هەڵدێر خلۆر دەبێتەوە. تایبەتمەندییەکان یان نیشانەکانی ئەم دوو لایەنەی پەرەسەندنی سیاسی دەتوانرێ بەکورتی بەم جۆرەی خوارەوە بژمێردرێ:

A ـــ نیشانە باشەکانی (پەرەسەندنی سیاسی)

١ـــ دەوڵەتمەداری یان پەکپارچەیی خاك،.

٢ ـ شێوە دروستبوونی گەل یان یەکپارچەیی نەتەوەیی.

٣ ـــ رۆربوونی مافی راو هەڵبژاردنە، زادەکان لەگەڵ زۆربوونی دەنگدەران.

٤ ـ سیاسی بوون یان بەشداریکردنی زۆرترین خەڵك لەرەوتە سیاسیەکاندا.

٥ ـ بەشداریکردنی خەڵك لەدەستەکانی بڕیاردەر.

٦ ـ بە وردی حساب کردنی زیاتر لەسەر کردەوەی گروپە ئازادەکان.

٧ـ کەڵەکەبوونی بەرژەوەندییە زۆرەکان لەلایەن حزبە سیاسیەکانەوە کاتی جێگیربوونی دیموکراتیەت.

٨ ـ ئازادی چاپەمەنی‌و گەشەکردنی میدیاکان.

٩ ـ دورگەری لەناوەندی سیاسی‌و ئیداری.

١٠ ـ رۆڵی کاریگەری دەستەی یاسا دانەران‌و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هەڵدەڕەخسێنێ لەلایەن نوێنەرەکانیانەوە.

١١ ـ پەرەپێدانی تواناکانی فێرکاری.

١٢ ـ ئۆتۆنۆمی یەکەکانی خۆجێی یان حکومەتی شوێنی.

١٣ ـ رۆڵی کاریگەری کارگوزاریە نیوە حکومەتیەکان وەك پەیمان‌و بەڵێنە گشتیەکان.

١٤ ـ رۆڵی دەزگا دەسەڵاتدارەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی سکاڵاکانی خەڵك.

١٥ ـ بەسەبری ناراز یان‌و کۆنترۆڵی بزوتنەوە نەیارەکان،.

١٦ ـ بەرفراوانی پێگەی کۆمەڵایەتی نوخبە سیاسیەکان.

١٧ ـ رووەو ئاشکرایی لەکاری حکومەت‌و بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوایان لەبەرانبەر خەڵکیدا.

١٨ ـ سەربەخۆیی هێزی دادو باڵادەستی یاسا.

١٩ـ سیاسی نەبوونی هێزی چەکداری‌و سوپا.

٢٠ ـ سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان بە پێی کەڵك وەرگرتن لەشێوازەکانی دەستووری وڵات.

٢١ ـ بێلایەنی یان سەربەخۆیی کارمەندان.

٢٢ ـ دنیایی کردنی کەلتوری سیاسی.

B ـ نیشانە خراپەکانی پەرەسەندنی سیاسی (رووخانی سیاسی)

١ ـ هەڵبژاردنی فێڵو تەزویری‌و جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیارەکان.

٢ ـ خۆپێشاندانی نارازیانەی توندوتیژی بە کارهێنان،.

٣ ـ شەرانگێزی نەیاران، چالاکیە نهێنییە ژێرزەمینیەکان‌و هێرشی چەکدارانە،.

٤ ـ گەندەڵی سیاسی لەبەر بەرژەوەندی کەسی.

٥ ـ پەرشوبڵاوی حزبە سیاسییەکان.

٦ ـ سەرکوتکردنی نارازیان.

٧ ـ بت بوونی فەرمانڕەوایان.

٨ ـ کرونش کردن‌و رێز لەئایدۆلۆژی فەرمی‌و باڵادەست.

٩ ـ تیۆرە سیاسییەکان.

١٠ ـ بە سیاسی کردنی هێزی چەکداری.

١١ ـ پابەندبوونی کارمەندان بە رێچکەو رێبازی حزبی فەرمانڕەوا.

١٢ ـ گەندەڵی زۆرو خراپ بەڕێوەبردن.

١٣ ـ چەقبوونی دەسەڵاتەکان.

١٤ ـ زیندانی کردنی بە کۆمەڵ.

١٥ ـ دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوەخۆی وڵات.

ئەم نیشانانە پیشان دەدەن کە وڵاتێ لە چ قۆناغێکی پەرەسەندنی سیاسی دەبێ: لەقۆناغی کارو بەرنامە بۆ داهاتوو گەشەکردنی دامەزراوە جەماوەریەکانە یان لەقۆناغی پەرەسەندنی نا ئارامی‌و هەرەس هێنانی دامەزراوەکان.

لەبەشی داهاتوودا باس لەجموجۆڵی کۆمەڵایەتی دەکرێت.

ماویەتی

ئیدیا

رۆژگار محسین

وەك گەلاٚ..
بەچڵی داری مەینەتا
هەڵواسراوم
دەخوازم پایز هەڵم
وەرێنێو
ئیتر ئازادم بکا
ئیدی خۆم دەدەم بە دەست
ڕەشەبای ئێوارەیەکا..!
دەڕۆم و ناگەڕێمەوە
ئەمجارەیان پەشیمانی
دەتۆرێنم ..
بۆ وێرانەیەك هەرگیز
نایمەوە
دەبمە چەخماخەو
جەرگی تاریکی ژیانم
ئەنجن ئەنجن دەکەم
سەفەر لەگەڵ خۆما دەبەم
و
لەزیندانی ئەم وڵاتە
خۆم ڕەها دەکەم
چاوی خەم دادەخەم و
نامەوێ چیتر بزانم
ساتێ بەختەوەری و
ماچی کچێکی ئەسمەر
دەکەم بە ئیدیای ژیانم ..

میوانی خەم

شیلان عەبدوڵڵا

هەر ئێوارە دەرگای دڵم
لە گشت رێبواری خەم داخست
کەچی خێراو
پەیتا پەیتا بە دەست‌و پێ
لەدەرگای دڵمان دەدا
دەنگێك دەی گوت بیکەرەوە،
جاران تاك بووین
ئێستا زۆرین بەکۆمەڵین
هاتوین ببینە میوانت
نابێت شەوێك بەبێ ئێمە
چاو لێك بنێیت...
دەبێت ماچی بینینەوە
تۆماربکەین.

هەر وا باوە
نابێت نابێت شەرمە
گەر خاوەن ماڵ دەرگای
دڵی لە خۆشترین
تا ناخۆشترین ووشە نەکاتەوە
بێ جێییە گەر پێشوازی
گەرمی نەکات.
هێدی هێدی
زۆر لەسەرخۆ بۆ بێ ئارامیەکەم
دەدووان
بۆ رێز لێنان شەرابی فرمێسکم
سازدا
هەنسکم کردە وەلامیان.